# جەنابی سەرکۆمار لەوە بچوکترمان مەکەوە

**جەواد مالکی**: (كلام استاذ جلال ما عليه!!!)

**کەیفی پیرداود- بێرمینگهام**
kaifipirdawood@yahoo.com

لەو رۆژەوەی جەنابی مام جەلال تاڵەبانی چۆتە بەغدا و بۆتــە ســەرۆکی کۆمــاری عێــراق، هەمیــشە لــەوە ترســاوم بــیری عێراقچێتی و نەرمی کورسییەکەی بەغدا بیێتە ئاوێك و بیری مـام بـشواتەوە. ئـەو سـەرکردە بـەرێزە ئەگـەر لـەماوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حوکمدا بە راخستنی ئـەو نەخـشەیەی لـەناو ئیعلامـی یەکێتیـدا بـە (مورافەعـەی مێـژویی) نـاو دەبرێت کارێکی چاکی کردبێت ئەوا لەو رۆژەوە بۆ ناوی سوێندیش بـەلای کـوردا نەهاتۆتـەوە و هـەوڵی داوە دڵـی بـرا چاوڕەشەکانی لەخۆی عاجز نەکات. لـەو هەوڵانەشـیدا خستنەڕوی پێـشنیازی دیـالۆگ لەگـەڵ ئەفـسەرە بەعـسیەکان و چەکدارە تیرۆریستەکان و دواکاریشی برینەوەی موچە بۆ سەرکردەکانی کۆنی بەعس کە دواهەمینیان ئەوەبوو پێـشوازی لە خانەوادەی فوئاد روکابی سکرتێری ناوداری بـەعس کـرد و موچـەی مانگانـەی بـۆ برینـەوە. پێـشتریش باوەشـی بـۆ خانەوادەی سەدام کردەوە کە دڵنیام ئەگەر هاتبان سلێمانی ئێستا رەغد دەبوو بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی.

ئەو خەمە لێدەگەرێم و باسی خەمێکی دیکە دەکەم.

برادەرێك نووسیبوی" هەرکاتێك مام جـەلال کۆنگرەیـەکی رۆژنامـەوانی هـەبێت لـەرز و تـا دام دەگـرێ، نـەوەکا مـام قسەیەکی سەیر بکات". منیش ماوەیەکە خەریکە تەواو لە بەستنی کۆنگرە رۆژنامەوانییـەکانی مامـە وەك ئـەو بـرادەرە لەرزم دێت. ئاخر کەمجار هەیە جەنابی سەرۆك کۆمار شتێك بڵێت کە دوایی لێی پاشگەز نەبێتەوە، بەوەش ئەگەر مامە بەخەیاڵیدا نەیەت ئەوا هەموو کورد ئارەقی شەرمەزاری دەرێـژن. چـونکە مامـە نوێنـەری هـەموو کـوردە و عـەرەب وا تەماشای مام دەکەن کە بیرمەندی کوردە. کەچی مامە هەندێکجار زۆر بەسادەیی تێدەکەوێ و دەیکاتە فشقیات. ئـەوەتا پێش سێ رۆژ قسەیەکی کرد و لە رۆژنامەی شەرقئەوسەت بڵاوکرایەوە، کەچـی دوو رۆژ دوای ئـەوە پەشـیمان بـۆوە و سوێندی خوارد وای نەگوتووە. ئەوە قەت لە سەر کۆمار ناوەشێتەوە کە هێنـدە بـە ئاسـانی قـسەبکات و لێـی پەشـیمان بێتەوە. دەبێ سەرۆکی کۆمار پێش ئەوەی قسەبکات زۆر بیری لیبکاتەوە. ئـەی ئەوهـەموو سـکرتێرە رۆژنامەوانیـەی بـۆ چییە. کامەران قەرەداخی و مۆفەق دەرگەڵەیی و فریاد رەواندزی و ستران عەبدوڵلا و هیوای مەحمود عوسمـان ئیـشیان چییە؟ ئەوەی زۆر بیتاقەتی کردم و ناچاری کردم ئەم وتارە بنووسم ئەوەبوو کە پێرێ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی جـەواد مالکیدا قسەیەکی کرد کە دیاربوو وەك قسەی مام جەلال نەبوو. رۆژنامەنوسەکەش قـسەی مـام جـەلالی وەبـیر مـالکی هینایەوە. بەڵام مالکی یەکسەر گوتی: كلام استاذ جلال ما عليه. توخـوا ئـەوە بـۆ ئێمـەی کـورد شـەرمەزاری نیـە کـە عەرەبێك بەوجۆرە فشە بە قسەی سەرۆك کۆمار بکات؟ ئەوە گاڵتـەکردن نیـە بـە هـەمووان کـە مـام جـەلالمان وەك نوێنەر لە بەغدا داناوە؟